# فرانس وان ئانرات کورد کوژێکی خوێن سارد !
# دوایین به شی دادگا



ئه میر قادر

ئه مرۆ به شێکی تری داگایی تاوانباری جینۆسایدی خه ڵکی کوردستان فرانس ڤان ئانرات به ڕیوه چوو،فرانس که ڕۆژنامه هۆڵه ندیه کان نازناوی( تاوانباری جه نگ،عه لی کیمیاوی هۆڵەند)یان پێبه خشیوه تائه مرۆ نزیکه ی ساڵیکه له زینداندایه و چه ندین لیکۆڵەنه وه ی لەگەڵداکراوه.ئه مرۆ ڕۆژێکی تایبه ت بوو به قوربانیه کان، 15 که س وەک شایه ت و قوربانی له به رده م دادگادا ئاماده بوون، له نێو ئه وانه دا 13 که سیان کوردبوون که له شارو دێهاته بەگاز خنکینراوه کانی (هەڵەبجه،سه رده شت،شنۆ،ئاڵوه تان،زەردە) ئاماده بوون ،هەر قوربانیه و باسی کیمیاباران و کات و شوێنه که ی کردوو باسیان لەوئازاروکێشانه کرد که هاتۆته ڕییان به هۆی ئه م گازانه وه که فرانس داونی به ڕژێمی بەعس، له ناو ئازارو خه موو گریان قوربانیه کاندا دۆزه که به ڕێوه چوو، هه مووداوای دادگایی عادلانه ی تاوانباریان کرد، وه باسیان له و تاوانه گه وره یه کرد که دژ به وان و به مرۆڤایه تی کراوه،من له گەڵ ئارنۆڵد ڕۆژنامه وانی به ناوبانگی هۆڵەندی و نووسه ری 5 بابەتی گرنگ له سه رتاوانبار فرانس ڤان ئانرات که بناغه ی زۆربەی کاره کانی داگای له سه ر وه ستاوەو، ناوبراو له ساڵی 1990داله کاتی ڕوودانی جه نگی که نداودا تاوانباری بینیوه. له گەڵ ئارنۆڵددا لەتەنیشت یه ک و سێ مه ترێک له دوای فرانسی تاوانبارەوه دانیشتبووین، هەردووکمان له گه ڵ چیرۆکی پڕ له ئازاریاندا له نیوەگریان و بێده نگیدا بووین،له گه ڵ تامی سه رکه وتنه کانماندا له ناخیشەوه ده سوتایین، کێ هه یه به ری تراژیدیا پڕ له ئازاره کانی خه لیلی سه عەد پوور ی سینه پرلە ژان و ژن و منداڵ کوژراوی دێی ئه ڵوه تان و چیمەنی نیوه نابیناو ده نگ که وتوو دایک به ژه هرو کیمیاوی مرددو بگریت؟،یان گوێ بداته ده ردو ژانه کانی حه سه نی که ریمی وه حیدی سه رده شت که دوومنداڵ و ژنه کەی له ده ست داوه،یان زمان لاڵ بوونی عه لی ڕەحیمی که قوربانی و ئازیزانی خۆی له نه خۆش خانه بێ ئیمکانات و هه ژاره که ی سەردە شتدا به چاوو ده ستی خۆی تیمار کردوون و خۆشی وه ک په یامنیری ئه م قووربانیانه و بۆده نگ و ڕەنگ و مافی ئه وان یه خه ی به کێ نه گرتووه؟ ئه و پیاوه زاناو قسه خۆش و پڕ له خۆشه ویستی و گفت و لفته له قسه کانیداو له تاواندادەنگ که وتووهەناسه سواربوو باسه کەی کورت کرده وه! حه سه نی که ریمی وەحید کانیه کی تری پڕ له ده ردو ژان و سه رده شتیه کی تربوو،ساڵحی پوورر ئه قده م داوایکرد که به کوردی قسه

کانی بۆوه ربگێڕن و به پێچەوانەی ویسته کانی جمهوری ئیسلامی ده ستی به گێڕانه وه ی تراژیدیاکه بەکوردی کرد،بەختیارعارفی وه رگێڕ که خه مخۆرێکی دڵسۆزی ئه م دۆزەیه و له هه موو که مو کورتیه ک ناوه ندی هه ڵەبجه و لایه نه کانی ئاگادار ده کرده وه و بەهەڵه داوان هات و فریا که وت و قسه کانی به و په ڕی ده ست پاکەیه وه

وه رگێڕا کاک ساڵح وتی قه ت ئه و تاوانه م بیر ناچێته وه،ده ردو ژانی من تەنهانیه من ده نگی سه دەها قوربانی تری کوردم له سه رده شته وه که ئه وان کانسی هاتنیان نه بوو، به ناوی وانه وه سوپاسی دادوەرو ئەو که سانەیکرد که یارمه تیان دا که ده نگی قوربانیه کان بگات و تاوانبار به سزایی یاسا بگات،دوو قوربانی تری زه رده لاپه ڕه یه کی تری تاریکیان له مێژووی تاوانو جینۆساید له ناوچەی باوه یارانی کرماشانه وه کرده وه،سه عدوڵای ته مه ن 29 ساڵه که ئازارو ژان پێچابوویانه وه به زه حمه ت له به رده م مایکه که دا خۆی گرته وه له ناو ده نگی سینه و ناڵه ناڵو ئازاردا باسی ئه و دێیه ی خۆیانی کرد که چۆن فرۆکه کانی به عس خه ونه کانی و و گونده که شیان سووتاند؟له شنۆوەش کاک عه لی حسه ین به رزنجی قه تماغه ی له سه ربرینه کانی شنۆ لادا،ئه و پیاوه پڕ له ڕێزو ساده یه چەندین جار پێی ووتم کاکه ئه میرشنۆیه له بیر نه که ن قوربانیه کان بێ که سن؟ ژانه کانی هه ڵه بجه ش دالیا محه مه د و ڕێباز قادر باسیان کرد،دالیا باسی هه موو ده ردو ژانه کانی لێقه وماوانی هه ڵه بجەی کرد باسی کوێر بوون و هه مووئافاتوو ده رده کانی بۆ دادوه ر کرد دالیا که زیاد له ساڵو نیوێکه چه ندین جار چۆته دادگا و لەهه موو ڕۆژه گرنگه کانی دادگا ئاماده بووەو هه مووجارێک ڕێگای چه نین کیلۆمەتری به قه تار ده بڕیت وێڕای ئازارو به دبەختیه کانی خۆی ژنێکی ئازاوله سه رخۆ بوو ویڕای فرمیسک و ژانه کانی له گه ڵ ئازاره کانی قوربانیه کانی تردا به جوانترین شێوه باسی هه موو ئه و شتانه ی کرد که ده بوو بیان ڵێت! ڕیباز که له به ر نه خۆشی شه وی پێشووتر هێنابوویانه دێنهاخ، له چه ند ڕسته ی کورت و پوختدا باسی هه مووشتێکی کرد،بۆمبابارانی هه ڵه بجه به چه کی کیمیاوی و ژیانی پڕاو پڕله ژانی خۆی له ئه وانی تر که متر نه بوو ڕێباز به هۆڵه ندیه کی زۆر باش به دادوەری ووت فرانس بەر پرسه له مه رگی سه دەها کورد،ئه وانه ش که ماوین هه رمردووین داواده که م کەفرانس سزابده ن،ئه و به ر پرسیاره له تاوانه کان! له نێوان قسه کانی شایه ده کانیشدا دوو شریتی ڤیدۆیی پێشکه ش کران،شریتی یه کەم له سه ر هه ڵەبجه که له لایه ن هاوڕێم مارتن تێرلاغه وه ئاماده کرابوو،14 ده قه مارتن به و ڤیدۆیه هه موو شته کانی خسته وه سه ر شاشه کان،مارتن هاوڕێیه کی به رده وامی کورده کان و ڵیقه وماوان، له ڕۆژی یه که می کۆمیته ی به داگا گه یاندنه که یه وه که داوامان له سه ر تاوانبار تۆمار کرد،له و دەیەها کۆبوونه وانەی که کردمان له گه ڵ ڕیکخراوه خێرخواکان،مارتن هه میشه ئاماده،قه ت ناتوانم ئه وه له یاد بکه م ئه م هاوڕێ ئارامه چاوشینه ی ئێمه کاتێک که کێشه ی داراییمان هه بوو ووتی من هەزار ئیرۆی یه کم ده دەم له وڵاتی هۆڵەندا قا وه کرینێک،زۆر گرنگه! تا هه زا رئێرۆ دان؟ ئاخر مارتن دۆ لەمەند نیه ئه م مامۆستای قوتابخانه یه!،ڤیدۆی دووه م له سه ر سه رده شت بوو که ئه میش جارێکی تر ڕاپۆرتێکی زیندوو بوو له سەر قوربانیه کان و ئێستای ژیان له سه رده شتدا،هه ردوو ئه م ڤیدیۆیه بابەتی تازه بوون که پێشتر پێشان نه درابوون،خاتوو زێخ فیڵد وه ک پارێزه ری قوربانیه کان هه موو باسه که ی به ڕێوه ده برد وه شایه دیه کانی به بەڵگه

نامه کانی ناوده وڵەتی، وه هه روه ها یاسایی ده وڵەمەند ده کرد،ئه م ژنه هه میشه وێڕای ئه وه ی پارێزه رمان بوو له کۆمیته که شدا ئه ندام بوو،زۆر کاری ده کرد چه نده ها جار شه وانی دره نگ ته له فۆنی بۆکردووم که با فلان شت بکرێت یان به یانی کۆ بینه وه؟ ساڵ و نیوێک کار له گه ڵ ئه م خانمه دا وێڕای چه ندین کێشه ی قانوونی یان بیروڕای جیاواز،من له به رژه وه ندی قوربانیه کانو ئه م له به رژه وه ندی دۆزه که دا! دیسان زۆر پڕ له کارو بزوتنه وه بوو ڕۆژێک هێندەم باسی خه ڵکی زوڵم لیکراوو جینۆساید کرد،ووتی من له تۆ زیاتر لا یه نگری کوردستانی ئازادم به ڵام دادگا جیاوازه؟ئه گه ر خۆت له من به زاناتر ده زانیت فه رموووه ره سه رکورسیه که م؟وازله کاره که ی خۆت بێنه وەره ببه به پاریزەر، شه وبوو سبه ی ته له فۆنی کرده وه ووتی قسه کانت ڕاسته،من دزانم ئێوەچەندەتان زوڵملێکراوه، هەموو شته کان بنووسه من له دادگا دەیان خوێنمه وه،دوو هه فته خه رەکی خویندنوه بووم دواتر بابه تیکی فراوانم له سه ئه نفال و جینۆساید بۆ نووسی له ڕه گ و ڕه چه ڵه کی کورده وه هه تا جینۆسادو و تاجنێوه کانی عه له حه سه ن مه جید که له کاتی ئه نفالدا ده یان لێت،تا هەڵەبجه و باسی هەناره کانی عه بابه یلێ که بێبه ربوون! تاماسیه کانی سیروانیشم بۆ باس کردبوو! ڕاستیه که ی ئه م خانمه قسه کانی هێنایه دی ئه وانه ی ئه مڕۆ له داگابوون شایه دی ئه م ڕاستیه بوون که ئه م پارێزه ره چی ووت وه چۆن باسی کوردو کێشه ڕەواکه ی و دڕندایه تی داگیرکه ران و

هه وڵه یه ک له دوای یه که کانی ڕژێمه کانی له م وڵاتانه دا کرد بۆ نه هێشتن و جینۆساید کردنی! له کاتی پشوودانادا ڕۆژنامەوان ئارنۆڵد پراسیاری کرد؟چیت لا ناقۆڵابوو لەم دانیشتنه دا ووتم فرانس ڤان ئانرات!ئه و کابرایه چه ند بێ هەست و نائینسانه له و 6 کاتژمێره دا ته نها 2 جار مڕه مڕێکی کردو شانی هه ڵتەکاند؟ئه مه چ مرۆڤێکه؟ ئارنۆڵدووتی ؟من له ساڵی 1990 وه خه ریکی نووسینم له سه رتاوانه کانی ئەم تاوانباره،له سه ره تاوه نه ک هه ر خه ڵکی ساده و خوێنه ران،هاوڕێ ڕۆژنامه وانه کانیش ئه م کاره ی منیان به بێنرخ ده زانی،من له گەڵتۆدا هاوڕاو هاوڕێم،وه ک تۆش دڵخۆشم که تاوانبار به به ند کراوی ده بینم،ده زانی چه ند خوێن ساردو نا پاکه؟من له عیراق ئه م پیاوه م دی که ئه وکاته ی بۆ حسین کامل و سه دام کاری ده کرد؟وەک خۆیه تی ناگۆڕێ،ئاڕنۆڵد باسی کتیبه که ی خۆی بۆ کردم له سه ر تاوانبار که خه ریکه ته واو ده بێت،من بڕیارم دا له گەڵ تەواو بوونیدا ناوه ندی هه ڵەبجه ده یکەینه کوردی ئه و زۆر دڵخۆش بوو،دادگا کۆتایی هات بۆ ئه مڕۆ ڕۆژانی داهاتوو تا 23–12–2005 درێژه ی ده بێت،له ناو گێژاوی قوربانیه هه ژاره کانی وڵاته که م و تاوانبارانی جێنۆسایددا ،له نێوان تامی گه یشتن به ئه مڕۆو ماڵئاویی دۆستانێک که له سه رده شته وه هاتبوون کۆتاییمان بەم به شه ش له دادگا هێنا.

ئه میر قادر

ناوەندی هەڵه بجه دژ به ئه نفالکردن و جینۆسایدکرنی خەڵکی کوردستان له هۆڵه ندا

2005–12–5